# ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتیی کوردستانیی

لە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/١١/٢٠ تەنزێکم لە ژێر ناوی "حیزبی تەرەقی عەدالەت و ئیشتەراکی ئەقرەبا" بڵاوکردەوە. پاش ماوەیەک لە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/١٢/١٤ دەفتەری سیاسی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان" نامەیەکی ڕێکخراوەیی نهێنی تایبەتیان بۆ ئەندامانی خۆیان ناردووە و تیایدا ڕێنمایی ئەندامان دەکەن کە بە چ شێوەیەک لەگەڵ مندا بەرخورد بکەن.
نێزیکەی مانگێک بەسەر ئەو نامەیەدا کە لە ناوخۆی کۆمەڵەدا بڵاویان کردبووەوە تێپەڕی بوو کە من ئەو نامەیەی ئەوانم بە پۆست بە دەست گەیشت. ئەوە بوو لە ٢٠٠٧/١/٢٠ وەڵامنامەیەکم نووسی و بۆم ناردن و هەروەک خوێنەر دەیبینێت داوای وەڵامدانەوەیەکی دروستم لێکردوون و ئەوەش کە بیگەیەنن بە دەست ئەندامانیان چونکە من ئیمایلی ئەوان شک نابەم.
بە پێچەوانەوە، هێندەی من هەواڵم پێگەیشتووەتەوە دەفتەری سیاسی کۆمەڵە هەوڵێکی زۆری داوە کە هێندەی دەکرێت دەست کەمتر لە ئەندامانیان بکەوێت. هەڵبەت ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی کۆمەڵە سەردانیان کردووم یان بە تەلەفۆن بێزاریی خۆیان لە ناوەڕۆکی ئەو نامەیە و ئەو بەرخوردەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە دەربڕیوە و دەیبەستنەوە بە گێرەوکێشەیەکەوە کە هەر لە سەرەتای هەوڵ بۆ ساخکردنەوەی کۆمەڵە هەبووە، بەڵام کە پێیان وایە ئیتر لە شاردنەوە و پەنهان کردن نایەت.
ئاگادارم کە لە سایتی "دیمانە" و "ئاشتی" دا ئەو نامەیەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بڵاوبووەتەوە. کارێکی باش نییە کە ئەم باسە لە دەستی دوو و دەستی سێوە بە ڕای گشتیی بگات. من لەسەر قسەی هاوڕێگەلێکی زۆری ناو کۆمەڵە ڕاوەستابووم چونکە ئەوان بە شێوەی جیاواز بەڵێنیان دا کە وەڵام لە ناو خۆیاندا بدەنەوە و بەرانبەر ئەو بیرە فرە ترسناکەی ناو کۆمەڵە هەڵوێست وەربگرن، بەڵام دیارە تا ئێستا لە بەر هەر هۆیەک بێت نەیانکردووە. ناشزانم دەیکەن یان نا و کە کاتێکیش بیکەن لەسەر چ ئاستێک دەیکەن. لەبەرئەوە من وا هەم نامە نهێنییەکەی دەفتەری سیاسی و هەم وەڵامەکەی خۆم لێرەدا دەخەمە بەردەستی ڕای گشتیی و هەم ئەو وەڵامانەش لەمەوبەدوا بڵاو دەکەمەوە کە بە پێویستیان دەزانم.
هەر لێرەوە بە هاوڕێیانی بێدەنگی ناو کۆمەڵە دەڵێم کە وەڵامدانەوەی ئەوان بۆ مێژوو گرینگە و کە بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو ڕەوتەی ناو کۆمەڵە، کە بۆ نموونە لە دەفتەری سیاسیدا خولاسە بووەتەوە و کە ڕەگی فاشیزم و کۆنەپەرستیی و فەرهەنگی ئێرانچیەتی بە ڕوونیی پێوەدیارە، تا سەر بردنی ئەو بەڵێنی خۆساخکردنەوە و خۆڕزگارکردنەیە لە بیری خزمگەریی و پێوەندی عەشایەری و لایەنی دزێوی دیکە کە دەبا لە مێژە بکرایە.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/٣/٣٠

ئەمە دەقی نامەکەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەیە:

لە: دەفتەری سیاسی کۆمەڵە
بۆ: بەرپرسی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، هاوڕێ جەعفەری ئیلخانیزادە
ڕوونووس بۆ: هاوڕێیانی کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤی
بابەت: هەڵوێستی نەیارانەی کاک ڕێبوار ڕەشید
ڕێکەوت: 14ی دێسامبری 2006

دوای سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە، هەر ئەو جۆرەی بۆخۆتان ئاگادارن کاک ڕێبوار ڕەشید لەم دواییانەدا نووسراوەیەکی بە "تەنز" لەسەر کۆمەڵە نووسیوە کە تێیدا زۆر بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین ئیهانەتی سیاسی و ئەخلاقی بە کۆمەڵە و بە هاوڕێیانی ڕەهبەری کۆمەڵە کردووە.
ناوبراو تا ئێستا بە دۆستی کۆمەڵە ناسرابوو و لە هەندێک بواردا بەعزێک هاوکاری پێشکەش کردبوو. بەڵام ئەو نووسراوە پڕ لە سووکایەتی و ئیهانەتەی ئەو، ئەویش بەبێ هیچ سەبەبێک و بەبێ ئەوەی کەس دڵی ئەوی

**ئێشاندبێ یان لە گوڵ کاڵتری پێ وتبێ، هەڵوێستێکی زۆر نەیارانە و دوور لە هەموو جوامێری و ئەخلاقێکی پەسندی کۆمەڵگەیە. نووسرواەکەشی ڕەخنەی سیاسی یا نەزەری نییە کە بڵێین سەرنجی خۆی باس کردووە بەڵکو کۆمەڵێک جنێو و بوختان و سووکایەتییە کە تەنانەت هەموو ناحەزانی کۆمەڵەش ڕێگە بە خۆیان نادەن قسەی ئاوا بکەن. کاک ڕێبوار ڕەشید بەم جۆرە بە ویستی خۆی و بە هەڵوێستی خۆی، خۆی لە ڕیزی دۆستان و دڵسۆزانی کۆمەڵە بردۆتەدەر.**

**هەربۆیە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە، وەکو دەفتەری سیاسی داوا دەکەین ئێوەش و هەموو بەشەکانی دیکەی تەشکیلاتی کۆمەڵەش لەمەوبەدواوە ئەو وەکو دۆستی کۆمەڵە حیساب نەکەن، هیچ چەشنە هاوکارییەکی لەگەڵ مەکەن و لە ڕیزی میوانە تایبەییەکانی مەراسیم و کۆبوونەوەکانی خۆتان بانگهێشتنی مەکەن و هتاد.**

**بە سوپاسەوە**
**دەفتەری سیاسی کۆمەڵە**

ئەمەی خوارەوە دەقی وەڵامی منە بە نامەکەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە کە لە ٢٠٠٧/١/٢٠.

## وەڵام بە نامەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە

**بۆ**
**دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان"**
**هەروەها ڕوونووس بگەیەندرێت بە ئەندامانی "کۆمەڵە" لە هەر شوێنێک کە هەن لەبەرئەوەی کە دەفتەری سیاسی نامەکەی خۆی بۆ ئەندامانی کۆمەڵە ناردووە و کە من وەکوو تاکەکەسێک ناتوانم دەنگم بەوان بگات.**

**لە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/١١/٢٠ تەنزێکم لە ژێر ناوی "حیزبی تەرەقی عەدالەت و ئیشتەراکی ئەقرەبا" بڵاوکردەوە. هەروەکوو خوێنەر دەیبینێت من ناوی هیچ تاکەکەس و ڕێکخراو و حیزبێکم نەهێناوە. پاش ماوەیەک لە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/١٢/١٤ دەفتەری سیاسی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان" نامەیەکی ڕێکخراوەیی نهێنی تایبەتیان بۆ ئەندامانی خۆیان ناردووە و ڕێنمایی ئەندامان دەکەن کە بە چ شێوەیەک لەگەڵ مندا بەرخورد بکەن. لەوێدا، بێ هیچ بەڵگە و سەلماندنێک و بە گۆترە، بێ ئەوەی خۆم ئامادەبم یان ئاگادار کرابێتمەوە و بێ ئەوەی دەرفەتی بەرگریی لە خۆم هەبێت بە "نەیاری" کۆمەڵە و گەلێک شتی دیکە تاوانبار کراوم.**

**بەو شێوەیە، لانی کەم لەبەر ئەم دوو هۆیە، بڕیارم دا وەڵام بەو هەڕەشەنامەیەی دەفتەری سیاسی بدەمەوە:**
**١. ئەندامی کۆمەڵە زۆرن کە من ناناسن، نازانن من کێم و ڕەنگە هەر ئەو تەنزەیشیان نەخوێندبێتەوە**
**٢. لە نامەکەدا قسە زۆر کراوە کە دەبێت ڕوون بکرێتەوە، نامەکە نهێنی و تایبەتیە بۆ ئەندامان و بە زمانێکی تایبەت نووسراوە کە بەمانای هەڕەشەی زۆر توند دێت. هەروەها کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی پەروەندەیەکی "نەیاریی" بۆ من دروست کردووە و ئەو هەڕەشەنامەیە تا هەتایە لە تۆماری کۆمەڵەدا دەمێنێتەوە**

**کاتێک ئەو نامەیەی دەفتەری سیاسی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان" گەیشتە دەستم و خوێندمەوە نەمدەمویست بڕوا بکەم. قسەکردن لەسەر نامەیەکی نهێنی کە ئەو پەڕی بێمەسئولیەتی تێدا دەبینرێت، کە لە پەلەیەکی پەلەقاژەدا نووسراوە، کە بە قەدەر زەرەیەک تۆلەرانسی سیاسیی تێدا نییە، کە بێ هیچ جۆرە بەڵگەیەک لەسەر بناخەی تەسەوراتێکی شەخسیی نووسراوە، کە بە مۆرکردنی من بە "نەیار" و فەرماندان بە ئەندامان کە دژ بە من بن پێشتریەتیەکی دراوەتێ کە پێش لە دژایەتیکردنی جمهوری ئیسلامیی ئێران دێت، باسێکی دووورودرێژ هەڵ دەگرێت.**
**لە زانستی سیاسەتدا شتێک هەیە پێی دەگوترێت "Blame the victim policy"، واتە "سیاسەتی تاوانبارکردنی قوربانیی". سیاسەتی تاوانبارکردنی قوربانیی بەو مانایە دێت کە دەستەڵاتێک بۆ نموونە لەبەر کۆمەڵێک هۆی**

سیاسیی گەڕ و شەڕ بە کەسێک یان کەسانێک دەفرۆشێت و ئەوجا کۆمەڵە هۆیەکی دیکە کە هیچ پێوەندی بە باسەکەوە نییە دەکەن بە بیانوو و بەو شێوەیە خۆیان دەکەن بە قوربانی و "قوربانیە ئەسڵەکەش" بە تاوانبار.
ئەمە ئەوەیە کە دەفتەری سیاسی کۆمەڵە کردوویەتی.
ئەم کارە بێگومان مەبەستی سیاسی تایبەتی لە پشتەوەیە.
ئەوە چییە وا لە ڕێکخراوێکی مارکسیست لێنێنیستی دەکات کە خۆی بە پێشڕەو دادەنێت و کە سەرەتای نامەکەی بە سڵاوێکی "شۆڕشگێڕانە" دەست پێ دەکات، بە هاوار و فەغانێکی "ناشۆڕشگێڕانەوە" سەرتاسەری تەنزێک بخاتە سەر خۆی و ئەوجا فەرمانی ڕەسمیش بە ئەندامانی خۆی بدات؟
کاتێک دەستەڵاتی سیاسیی لەسەر بناخەی پرنسیپی دیموکراسیی، ئاوەڵەیی، شەفافیەت و ڕێزدانان لە بڕیاری تاکەکەس و ئۆرگانی جودا دانەمەزرابێت، بۆ نموونە لەگەڵ لووتبەرزیی، نەخۆشی خۆدەرخستنی منداڵانە، دوگم، نەتوانستی تیئۆریی، تەمەڵی و هەڵنەسوڕاوی و مڵەییش تێکەڵ بکرێت، جۆرێک لە دەستەڵاتی سیاسیی پەیدا دەبێت کە بە قەدەر نەزانین و بێسەوادیی خۆی دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتیە. تۆتالیتارێک دروست دەبێت کە بێ ئەوەی خاوەنی دوو سیغار و دوو قران بێت خۆی لێ دەبێتە دەستەڵاتێکی ڕەها و پێی وایە نە هەر مافی لێکدانەوە، بەڵکو پاش خودا، خاوەنی هەموو دەستەڵاتێکە.
ئەم جۆرە ئەخلاقە سیاسییە نە هەر فەزای دیموکراسیی، بەڵکو تەنانەت بە بیستنی وشەی دیموکراسی و شەفافیەت، تووشی تووڕەییەکی نامرۆڤیانە دەبێت و پێی وایە هەموو جۆرە باسێک لە بچووکترین ڕیفۆرم تەوتەئەیە دژ بە ئەو.
ئەم جۆرە دەستەڵاتە تا دەستەڵاتی فیعلیان زێدەتر بێت هەڕەشەکانیان کۆنەپەرستتر، توندتر و دڕندانەتر دەبێت. لەسەرەتادا خواستی یەکەمی ئەوان ئەوەیە کە "خۆسەنسۆرکردن" بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنن کە خوازیاری شکاندنی بەند و دیواری ترس و تەعاروفی درۆزنەن. بە پلەی دووهەم هێندەی پێیان دەکرێت بە ئاشکرا هەموو دەنگێکی ئۆپۆزیسیۆن، جا با چەند کزیش بێت، سەنسۆر بکەن.
سەرنج بدەن کاتێک نامەکەی دەفتەری سیاسی دەڵێت "لە گوڵ کاڵترمان پێ نەگوتووە" چەند قسەیەکی نامۆدێرنە. ئەمە قسەیەکە تەنها لە گوند و لە مزگەوتدا دەکرێت. سەد ساڵ مرۆڤ لە شاردا بژی دووجار قسەی وا نابیستێت.
دەفتەری سیاسی کۆمەڵە زۆر هەڵە لە دەستەڵات تێگەیشتووە و پێی وایە کاری کۆمەڵە ئەوەیە کە قسەی خۆی، جا چەندیش هەڵە بێت، بە زەبروزەنگ بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت.
ئەم تێگەیشتنە لە دەستەڵات باسێکی تایبەتی شایستە بە خۆی پێویستە کە من لێرەدا درێژەی پێ نادەم.
دەفتەری سیاسی لە باشترین حاڵەتدا مەبەستی ئەوەیە کە کۆمەڵە هیچی خراپ ناڵێت و چاوەڕێی ئەوەش نییە کە کەس ڕەخنە بگرێت یان هەر شتێک بڵێت کە ئەوان بە خراپ لێکی بدەنەوە (تەنانەت ئەگەر تەنزێکی وەک ئەوی منیش بێت). ئەم تێگەیشتنە نامۆدێرنە لە دەستەڵات کە پێی وایە کار دەبێت بە دەستیاو بکرێت، بە گوێی مرۆڤی خۆرهەڵاتی ئاشنایە. هەموومان بیستوومانە کە دەگوترێت "من قاپێک گەنمت دەدەمێ و تۆش قاپێک دۆشاو بدە بە من، "من کچەکەی خۆمت دەدەمێ و تۆش ئەوی خۆت بدە بە من"، "من خراپی تۆ باس ناکەم و تۆش حەقی خراپیی منت نەبێت".
کاتێک کە دەفەتری سیاسی وا دەڵێت لە تەئکیدەکەیدا دیارە کە سەری سوڕماوە کە چۆن ئەمان "لە گوڵ کاڵتریان نەگوتووە" بەڵام کە بەرانبەرەکەیان (کە لێرەدا منم) لە گوڵ کاڵتر بەمان دەڵێت.
بەلامەوە سەیرە و ڕاستیەکەی لە حیرەتدا حەپەساوم کە چۆم دەفتەری سیاسی حیزبێک کە هەرچی پاشگری "شۆڕشگێڕ" و "پێشڕەو" و "ڕادیکاڵ" و "عەدالەتی ئیجتیماعی" بە خۆیەوە نووساندووە ئاوا بیر دەکاتەوە.
خوێنەر ڕێگام بدات کە سەرسوڕماویی خۆم لەو کارە و لە ئاستی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دەفتەری سیاسی دووپات بکەمەوە.
ئایا ئەندامانی ڕیکخراوێکی مارکسیست لێنێنیستی کە خۆی بە پێشڕەو دادەنێت پێویستیان بەوەیە کە دەفتەری سیاسی بۆ هەموو باسێک، تەنانەت ئەگەر تەنزێکیش بێت و بە پێی تەسەوری خۆیان لەسەر ئەوان نووسرابێت، ئەمریان بەسەردا بکات کە دەبێت ئەوە و ئەوە بکەن؟ ئایا چاوەڕوانیی لە ئەندامانی حیزبێکی وا ئەوە نییە کە ئەو کەسانە خۆیان بە حوکمی زیرەکیی و تێگەیشتن و عیلم و مەعریفەتیان ئەو بڕیارە بدەن؟ دیارە ئەم سووکایەتی کردنە بە ئەندامان لە ئەخلاقیکی سیاسیی تایبەتیەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە.

دەفتەری سیاسی جێگای بۆ ئەڵتەرناتیڤی زۆر نەهێشتووەتەوە ئەوە نەبێت کە هەموومان دەیبینین و دەیزانین و ئەویش ئەوەیە کە حەتمەن دەبێت ئەمان ئەو فەرمانە بدەن. ئەندامانی ئاسایی توانای تەشخیسیی لەو جۆرەیان نییە. کاری دەفتەری سیاسی هەر بیرکردنەوەیە و کاری ئەندامانیش تەنها جێبەجێ کردنە.

دەفتەری سیاسی نووسیوویە "هیچ چەشنە هاوکارییەکی لەگەڵ مەکەن و لە ڕیزی میوانە تایبەتیەکانی مەراسیم و کۆبوونەوەکانی خۆتان بانگهێشتنی مەکەن و هتاد".

وەڵامی من ئەوەیە کە کۆمەڵە هیچ هاوکارییەکی منی بۆ هیچ شتێک نەکردووە و دەنا با فەرمووون باسی بکەن. بەڵام گەر قسە لەسەر ئەوە بێت کە من وەکوو "میوانانی تایبەتی" داوەت نەکرێم، ئەوە دەڵێم کە کۆمەڵە جگە لەساڵی یەک جار سازدانی ئاهەنگی ساڵپڕکردنەوەی خۆی، هیچ مەراسیمێکی دیکەی نەبووە تا من وەکوو میوانی تایبەت داوەت بکات. هێندەی ئاگاداریش بم کۆمەڵە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە و سیمینار و کۆڕێکی نەگێڕاوە تا من بانگهێشت بکات.

هاوکات چەند هاوڕێیەکی بەڕێزی کۆمەڵە لانی کەم بە هەموویان دەیان جار پێیان گوتووم کە لە چالاکیی و لەسەر تەلەڤیزیۆنی ڕۆژهەڵات بەشدار بم، بەڵام وەڵامم داونەتەوە کە من لەبەر هۆی تایبەتی ئەو کارە ناکەم و کە ئەوان با هەوڵ بدەن دڵسۆزانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە تەلەڤیزیۆنەکەیان نێزیک و کۆبکەنەوە.

دەفتەری سیاسی نووسیوویەتی "ناوبراو تا ئێستا بە دۆستی کۆمەڵە ناسراو بوو". من نازانم پێوەری دەفتەری سیاسی بۆ "دۆست" چییە وا بە نووسینی تەنزێک دەخرێمە ناو خانەی "نەیارەوە". بەڵام من خۆم بە دۆستی ئەوانە دەزانم کە ئازادیخوازن، کە خاوەن تۆلەرانسن، کە لەخۆبردوون، کە ئارام و هەڵسووڕاون و کە خاوەنی مێشک و بڕیاری خۆیانن، کە ڕێز لە کاتی خۆیدا دەگرن و ناشهێڵن کەس کەڵکی ئاوەژوو لە دڵپاکیی و دڵسۆزیان وەربگرێت.

پێویستیش ناکات "هاوڕێ" بم تا بۆم هەبێت قسەی خۆم بکەم و لەسەر سیاسەتی کۆمەڵە یان هەر حیزبێکی دیکە ڕا و بۆچوونی خۆم بڵێم.

دەفتەری سیاسی کۆمەڵە وا لە دەستەڵات گەیشتووە کە پێی وایە خەڵک دەبێت مۆڵەتنامەی نووسین لەمان وەربگرێت تا بۆی هەبێت بنووسێت. هەروەها پێی وایە کە دەبێت دروست ئەو شتانە بنووسرێت کە ئەمان ڕێگای دەدەن بنووسرێت. ڕوون و ئاشکرا بە نامەکەیانەوە دیارە کە دەفتەری سیاسی کۆمەڵە لیستێکی نووسراوەی بۆ ئەوە هەیە کە کێ بۆی هەیە بنووسێت، چی بنووسێت و چۆنی بنووسێت.

من ئەمە بە سووکایەتیکردنێکی بێمانەند دادەنێم بەرانبەر بە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە کە تیایدا بە زۆرەوە باس لە ئازادی دەربڕین و مافی مرۆڤ و چی و چی دەکات. دیارە دەفتەری سیاسی کە بە ڕەها مافی بیرکردنەوە و فەرماندانی بە خۆی بەخشیووە، ئەو مافەش بە خۆی بە ڕەوا دەبینێت کە بە ئارەزووی خۆی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پێشێل بکات.

دەفتەری سیاسی کۆمەڵە چونکە هەروەها لە یاسا نێودەوڵەتیەکان و مەسەلەی نووسین و ڕاگەیاندن بێئاگایە نازانێت کە هەموو سکرتێر و ئەندامی خاوەن مەسئولیەتی ڕێکخراوێک بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان بە کەسایەتی ناو بواری " گشتیی، موڵکی گشتیی" دادەنرێن و لەبەرئەوە نەک هەر دەتوانرێت تەنزی بێ ناویان لەسەر بنووسرێت، بەڵکو دەتوانرێت باس لە خانوو، پارە، ئۆتۆمبیل، سامانی بگۆڕ و نەگۆڕ، دۆخی تەندروستیی (هێندەی کە زۆر شەخسیی نەبێت)، مەسەلەی کاری ڕەش، ساختەی نەدانی ماڵیات و شتی دیکەیشیان بکرێت.

ئەوانەی چەند لاپەڕەیەکیان لە ئەدەبی جیهانیی خوێندبێتەوە دەزانن کە ئەو باسەی تەنزەکەی من لانی کەم لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە لە ژێر باسدایە و بە درێژایی مێژووی نەتەوە جیاوازەکان قسەی لەسەر کراوە و سێسووچکەی "شێخ/ قەشە"، "ئاغا/ وردە فیودال"، "ئەشراف و خزمگەریی" باسێکی تەواو گشتییە.

من ئێستا تەواو لە ناو ئەو پرۆسەی تێگەیشتنەدام کە بۆ ڕابەرایەتی کۆمەڵە ئەو تەنزەی خستووەتە سەر خۆی.

بەو شێوەیە من ئەم بەشە بە پرسیارێکی زۆر هاسان لە دەفتەری سیاسی کۆتایی پێ دەهێنم، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر من لەو تەنزەدا گاڵتە بە بیری شێخایەتی، بە بیری ئاغایەتی و بە خزمگەریی دەکەم، ئایا دەفتەری سیاسی کۆمەڵە، دیفاع لە کێ دەکات و بۆ دەیکات؟

**سەرەئەنجام:**

بۆ هەموو دەنگێکی پێشەوتووخواز و ئازادیخواز، بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵە دا.

خەباتی من بۆ پشتگیرییکردن لە خەباتی ئازادیخوازیی و پێشکەوتووخوازیی بناخەیەکی پتەو و مێژوویەکی دیار و ڕوونی هەیە. بەڵام باوەجودی ئەوەی من کێ بم و چیم کردووە، پشتگیریی ئێوە لە دەنگ و لە وشەی ئازاد بەردی بناخەی سەرفەرازیی و سەربەرزیی مرۆڤە لە کوردستان. ئێوە کە بەشێکن لە ڕێکخراوێک کە بە زۆرەوە بانگەشەی سۆشیالیزم و دادوەری کۆمەڵایەتی و بەرابەریی و شتی دیکەی گەورە دەکات، نابێت و ناکرێت بێدەنگ بمێننەوە. وەفاداریی کوێرانە لە خوێنڕشتن و زیانی گیانی و ماڵی زیاتر ئیمکانی نییە سەرئەنجامی دیکەی هەبێت. ئەوانەش کە قازانج لە هەڵوێستێکی وا دەکەن لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا ژمارەیان هەر ئەوەندەی دەفتەری سیاسیی "کۆمەڵە" یە، جا چەند دانەیەک کەمتر یان زیاتر.

ئایا جێی خۆیەتی دەستەڵاتێکی سیاسیی بەو شێوەیە بەرخورد بە نووسەری تەنزێک بکات جا هەر کەسێک بێت، با کەسێکیش بێت کە هیچ جۆرە پشت و پەنایەکی یاسایی و هاوخەباتیی و هاوسۆزیش شک نەبات؟

ئەگەر لە ناو خۆرهەڵاتی کوردستاندا تەنها و تەنها تاکە یەک کەسی تێدا بێت، جا ئەو کەسە چەند زەرەرلێکەوتوو و پاکیش بێت، بەڵام کوێرانە وەفاداری دەفتەری سیاسی "کۆمەڵە" بێت، بەسە بۆ ئەوەی من بکوژێت یان زەرەری گەورەی جودا لە من، یان لە هەر کەسێکی دیکە، بدات.

ئەو هەڕەشەنامەیەی دەفتەری سیاسی سەرەتایەکە بۆ سەپاندنی کولتورێک لە خۆسەنسۆرکردن لە ناو نووسەرانی کورددا، سەرەتایەکە بۆ سەپاندنی سەنسۆر بە ئاشکرا و بە دەم پێداخستن بەو کەسانەی کە پرسیاری زەحمەت دەکەن و شتگەلێک دەخەنە ژێر پرسیار کە گرینگن.

هەر کەسێک بڕوای بە ئازادیی تاکەکەس، بە مرۆڤ، بە پێشکەوتن و هاوژیانبوونی مرۆڤ، بە ڕەخنە و خستنەژێرپرسیار هەیە و ڕێز لە خۆی دەگرێت نابێت بێدەنگ بمێنێتەوە. بێدەنگ مانەوە بەرانبەر بە دەفتەری سیاسی کە لە نامەکەیاندا تەواو دژی کەسێکن کە بە بچووکترین شێوە گاڵتەی بە دەرەبەگ، ئاغا و شێخ و خزمچێتی و جۆری گەندەڵی دیکەی لەو شێوەیە کردووە، بە واتای کوشتنی بیر و کوشتنی فیزیکیی دێت.

هیوادارم ئەوانەی لە ناو کۆمەڵەدا بەو شێوەیە بیر ناکەنەوە هەڵوێستی خۆیان بنوێنن. قسەی وەک "ئاخر کۆمەڵە زەرەر دەکات" و "دەی جا کێ بە قسەی فڵان و فلان دەکات" یان "گیرۆدەی سەرئێشەی دیکەین" وەڵامی دروست و حیسابی بەو نامەیە و بەو ڕەفتارە نییە کە سنووری ئەخلاقی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەزاندووە. ئەوانەی پێیان وایە ئەو چەشنە چاولێپۆشین و پینەکردنە سەرپێییە لە ئاییندەدا کۆمەڵە بە سەرکەوتن دەگەیەنێت، هەڵەن.

هیچ کەسێک نابێت ڕێگا بدات قامچی و دەمانچە بخرێتە دەستیەوە. هاوڕێیانی کۆمەڵە ئەرکی سیاسی تەواو جیاوازیان لە ئەستۆدایە.

هەر زەرەرلێکەوتووانی کۆمەڵەن کە پاشان باجی ئەو هەڵانەش دەدەن.

هەڵبەتە بە بوونی ئەو هاوڕێیانەی ناو کۆمەڵە دڵشادم کە تەلەفۆنم بۆ دەکەن و ڕوونیی دەکەنەوە کە ئەو نامەیەی دەفتەری سیاسی بە کاری کۆمەڵە نازانن، سەردانی ماڵەوەمان دەکەن یان وەڵامنامەیان ڕوو بە ناوەوە نووسیووە و پشتگیریی خۆیان لە من دەربڕیوە. هیوادارم ژمارەی ئەو هاوڕێیانە لە زیادبووندا بێت و بە ناوی ئاشکراش ئەو کارانە بکەن.

من بۆ ئەوانم ڕوون کردووەتەوە و وا ئێستاش بۆ هەموو کۆمەڵە ڕوون دەکەمەوە کە ئەو نامەیەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بە هەڕەشەی سیاسیی و دەستتێوردانێکی نابەجێ و بێمانا دەبینم لە کاری تاکەکەس و سەربەخۆ و بەو شێوەیەش بە مەترسیەکی گەورەی دادەنێم لەسەر کەسایەتی مرۆڤی ئازاد. لەبەرئەوە داواکاریی من لە دەفتەری سیاسی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان" ئەوەیە کە لە ماوەی دوو هەفتەیەکدا لە ڕێککەوتی ناردنی ئەم نامەیەوە، بە نامەیەکی ڕوو بە کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی کۆمەڵە، ئەو نامەیەی خۆیان بگەڕێننەوە.

ئەگەر دەفتەری سیاسی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان" بە نامەیەکی نوێ ئەم نامەیەی خۆیان نەگەڕێننە دواوە، ئەوا من لە هەنگاوی یەکەمدا، ڕاستەوخۆ پاش تەواوبوونی ئەم دەرفەتە، کاردانەوەیەکی ڕەسمی دژ بەو کارەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە نیشان دەدەم کە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت و کە لەسەر ئاستی کوردستان، ڕێکخراوی سیاسی کوردستانیی و جیهانیی، خۆرهەڵاتی ناوەند، ئورووپا و ئەو لایەنانە بێت کە پێوەندیان بە مەسەلەی ئازادی دەربڕین، مافی ژنان و مافی مرۆڤ و کاری سیاسیی و بواری دیکەوە هەیە.

بەڵام بۆ مێژوو و لەبەر تێڕووانینی جیددیەتی من لە سیاسەت، لە بڕوای پتەوی من بە دیموکراسی و بیری ئازاد، و لە هەست و خواستی بەرپرسیاریمەوە بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان و بۆ هەرچی کەمکردنەوەی

**زەرەر و حەساسیەتە، پڕ بە دڵ هیوادارم دەفتەری سیاسی کۆمەڵە ئەقڵی تەندروست بخاتە کار و ئەو هەڕەشەنامەیەی خۆی بە ڕەسمیی بگەڕێنێتەوە.**
**بە ڕای من ئەوە کارێکە کە لە قازانجی کۆمەڵە و گشتدایە. هەروەها جۆرێکیش لە سەرڕاستبوون و بەوەفاییە بەرانبەر بە پیرەوێکی ناوخۆ کە خوێن و ئێسکێکی بێئەژمار لەسەر هاوڕێیانی زەرەرلێکەوتووی کۆمەڵە کەوتووە.**
**من پێموایە هەنگاوی چەوت هەر کاتێک ڕاست بکرێتەوە قازانجە.**

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/١/٢٠